# ڕەفیقی دزو شەریکی قافڵە .

**محمد حسین**



هونەرێکی زۆر زەحمەتە بۆکەسێك لەئەمڕۆدا بتوانێت هەم شەریکی قافڵەبێت و هەم ڕەفیقی دزیش , لەگەڵ ماڵدزراودا بگری و وەك زیانمەندێك خۆی نیشان بدات , لەگەڵ دزیشدا لەپەنایەکی نەبینراودا ئەوەی دەستیان کەوتووە دابەشیبکات . تەنها گروپێك بتوانن بەم فێڵەوە بەسەرمانا تێپەڕن ئەو سیاسیانەیە کەلەیەك کاتدا دەستیان بەسەر ئابوری ولآت و دەسلآتی سیاسیشدا گرتووە , هەم سامانی ولآتەکەیان بۆخۆیان قۆرغ کردووە هەم کورسیەکانی دەسلآتیشیان مسۆگەر کردووە .

ئەمڕۆ لەو ولآتانەی کەلەڕوی تەکنۆلۆجیەوە پێشکەوتون دزی ئەلکترۆنی و digitally بۆتە دیاردەیەکی بینراو , ئەم دزیە زیاتر ئەو کەسانە پێی هەڵئەسن کە توانایەکی بەرزی بەکارهێنان و بەرنامەڕێژکردنی کۆمپیوتەریان هەیە , بەلآم پێشکەوتنی هونەری دزیکردن لەولآتانی هاوشێوەی خۆمان بەکەمرتین تێچوو , بە لاوازترین عەقڵیش ئەبرێت بەڕێوە , هەر ئەوەندە بەسە کەپێگەیەکی ئیداری و حوکم ڕانی بکەوێتە ژێردەست ئیتر بەئاسانی هەموو شتێکی بۆ مەیسەر ئەبێت , چونکە ئەم مۆدێلە دزیە ئەو ( رجل الدولة )انە پێی هەڵئەسن کەپێییان ناخۆشە لە(وەتەنی ) کەمتریان پێ بوترێت . لێرە جەنابی ( وەتەنی ) ئەبێتە شەریکی ئەو تەڵەکەبازەی کەشۆفلێکی شکاوی نیەو بۆتە خاوەنی چوار کۆمپانیایش , یان ئەو ملیاردێرانەی کە کە کەس نازانێت سەرمایەکەی لەکوێوە هێناوە , گەر کۆمپانیایەکیش بەبێ تێگەیشتن لەڕێسای گەمەکە , یاخود دزیەکە , بێت و بیەوێت بەڕاستی لەولآتەکەدا سەرمایەکەی وەبەربهێنێت , یان ئەبێت بەشێکی ئاغای ( وەتەنی ) تیابێت , یان دەیان ڕێگری بۆدروست ئەکرێت و ناچاری ئەکەن واز لەهەم و شتێك بهێنێت . بەم جۆرە سیاسیەکان هەم دەبنە ڕەفیقیئەو کۆمپانیا گەندەلآنەی کە ( بەلۆجیکی پەندە کوردیەکە )کارەکتەری دزەکە دەنوێنن , هەم بەرپرسی ئەو خەڵکە هەژارەیش کە خۆیشی نازانێت چۆن ڕۆژانە قافڵەکەی تالآن ئەکرێت .

ئەم شەراکەتەی نێوان بزنسمان و ( پیاوی وەتەنی ) دوو لایەنی سودمەند و لایەنێکی زیانمەندی تیایە . هەم ئاغای وەتەنی کە بەدەستبەتاڵی هاتۆتە ناو پرۆسەکەوە دەستکەوتێکی باشی ئەبێت , هەم ئاغای بزنسمانیش بەخراپی ئەم شەراکەتە بەکارئەهێنێت بۆئەوەی بە بێفەڕترین پرۆژەی زۆر ترین قازانج بەدەست بهێنێت . لایەنی سێیەمیش کە ئابوری و بەرژەوەندیەباڵاکانی ولآتەکەیە زۆرترین زیانی بەرئەکەوێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو داوەشان و داڕوخان و زیاتر بەرخۆربون consumerism ئەچێت . چونکە ئەنجامی ئەم شەراکەتە کاری هاوشێوەی ئەو ( زێرابە سندوقیەی لێ دێتە بەرهەم کە دوای چل ڕۆژ ڕوخا , یان ئەو شەقامانەی کە ساڵ ناباتە سەر هەڵئەتەکێن ).

**ئابور ی و دەسلآت** – ئەوەی توانی ئەم دوو کایە هەستیارو گرنگەی ولآت کۆنترۆڵ بکات , وەك ئەوە وایە جیهازی هەناسە دانی کۆمەڵگای خستبێتە مشتیەوە , ئیتر هەرچی ئەو پێی خۆش بێت و خودا پێی ناخۆش بێت , هەرچیش هاولآتیان قبوڵی نەکەن و بەرژەوەندیە تەسکەکانی ئەو بیخوازێت هەر ئەیکات و بۆی دەست ئەدات و وەك باسکی بانانیش بۆی دەر ئەچێت , وەك ئەو تالآن و فەرهودەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەکرێت , دیارە عالی جەنابەکانی کوردستان لەبەرامبەر ئەم تالآنکردنە ی نیشتماندا ئەوەنیە وەکو میرە خەلیجیەکان توانبێتیان لانی کەمی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیان دابینبکەن, یان وەکو ئاخوندەکانی ئێران تەکانێکیان بەپێشکەوتنی ئابوری ولآت دابێت , بەپێچەوانەوە ئەوان تەنها لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دروشمی نیشتمانپەروەرانەیان هەیە بۆخەڵك , ستراتیجی ئەم بەڕێزانە ئەوە یە ( پارەو سامان و موقەدەراتی ولآت باڵای ئەوان بێت , نیشتمان پەروەری و دروشمە بریقەدارەکانیش بۆخەڵك , چونکە لەدیدی ئەواندا خەڵك

**تەنها ئەوەی بەسە بۆ ئەوەی پێی بژی ).**

**تێکەڵکردنی ترسناکی دەسلاّتی سیاسی و سەرچاوە و دامەزراوە ئابوریەکان لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایادا ڕویدابێت گەندەڵی گەورەی دروستکردووە . لەهەر شوێنێکدا سیاسیەکان دەستیانگرتبێتە سەربازاڕدا ئەنجامەکەی هەر ئەوە بووە کەمینەیەکی زۆر کەم بەشی هەرە زۆری داهات و سامانی ولاّتەکە ئەبات بۆخۆی , لەولایشەوە زۆرینەی خەڵك لەهەژاریو کولەمەرگیدا ئەژین , چەند ئەم گروپە سیاسیە ژمارەی کۆمپانیاو قاتی کۆشکەکانیان بەرزبوبێتەوە بەدیوەکەی تریشدا ژمارەی ئەو خێزانانە زیادی کردووە کە لەو گەڕەکانەدا ئەژین کە بەپشتوێنەی هەژاری دەوری شارەکان ناودەبرێت , وەك گەڕەکە تەجاوزەکانی لای خۆمان ..**

**گەر تەماشای گەشەی شارەکان و بازاڕەکانی کوردستان بکەین هەر بەهەمان هاوکێشە دەگەین , تاسوپەرمارکێتێك بیناکراوە سەدان خێزان لەبەر ئەوەی پارەی کرێ خانویان نەبووە هەڵوەشاونەتەوە , تا1000 ملیاردێرو سێ گەڕەکی فیرعەونی دروستبووە , بەسەدان هەزار ماڵ کەوتونەتە گەڕەکە تەجاوزەکانی دەورو پشتی شارەوە کە ژیانیان زۆر نزمترە لەژیانی قەرەچەکانی ئەوروپای شەرقی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم . بەشی هەرە زۆری ولاّتەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست هاوشێوەی ئەم جۆرە سیاسیانە ئەیبەن بەڕێوە , گەر لە سیاقە کوردستانیەکەیدا بیانبینین ئەوانەی هەم شەریکی کۆمپانیا کانن و هەم بەرپرسی ئیداری و سیاسی ولاّتەکەیشن .**

**ئەگەربپرسین کێ ئابوری کوردستان داڵقوت ئەکات و کێیش بانگەشەی چاکسازی و گەشەکردنی بۆئەکات ؟ کێ هەڕەشەی پێشخستنی کوردستان ئەکات تائەو ڕادەی وەك کلاّوڕۆژنەیەکی لێ بێت لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە تاریکەدا و کێیش ڕۆژانە ژێرخانە داتەپیوەکەی وێرانتر ئەکات ؟ بەدڵنیاییەوە *هەمووی* هەر یەك گروپ خەڵکە , کۆمەڵەخەڵکێك هەم نیشتمانیان تالاّن کردووە و هەم بەخشینەوەی دروشمەکانی نیشتمان پەروەریشیان بۆخۆیان قۆرغ کردووە , هەم خاوەنی ئابوریەکی گەندەڵن و هەم چاکسازی خوازیشن , هەم شەریکی خاوەن کۆمپانیای تەڵەکە بازن و , هەم وەکو ( رجل الدولة ) یەکی هێمنیش داوای چاکسازی ئەکەن .**

muhemedhusen@yahoo.com